# "دیاردەی مەصرەفی ئابوریی
# لە هەرێمی کوردستان"

نووسینی: دانا حمید محمد

## پێشەکی

ئەوەی لەم وتارەدا کە دەچینە ناوی و باسی دەکەین، دیاردەی بەرخۆری و مەسرەفە وە لێکەوتەکانی بەگشتی و بەتایبەتی لەسەر هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەسەر پێ خۆگرتوو، بەڵام لە رواڵەتدا بەو شێوەیە نییە بەڵکو لە ناوەڕۆکدا لەرزۆک و شێواوە، لەرووی ئابورییەوە هیچ بنەمایەکی دەزگا ئابوریی و سیاسییەکانی تێدا نییە و ئەوەی حوکمی دەکات دیاردەی بەرخۆری و مەسرەفکردنە لە سەرجەم کایەکانی حکومەتدارێتیکردندا… واتە پایەکانی لەسەر بەرخۆریزم راوەستاوە هیچ بەرهەمێکی نییە، ئەمەش لەوە دەرچووە کە حاڵەت بێ بەڵکو بووە بە دیاردە و پێویستی بە چەندین توێژینەوەی ورد و قوڵ هەیە، بەتایبەت لەرووی ئابورییەوە بۆئەوەی کاریگەرییەکانی مەسرەفگەرایی لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەین و بچینە ناو پێکهاتەکانییەوە. چی وایکردوە کە بەرخۆریزم بچێتە هەناوی هەموو کەرتە ئابوریەکانەوە و بەتایبەت لەوە دەرچوبێ کە چارەسەری ئابورییانەی بکرێت.

ئێستا بەتایبەت کە "ئێستایەکی ئابوری/ سیاسی" یە، واتە ئەو هەلومەرجە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە چیین؟ کە بەرخۆریزم لە کوردستادا هەیە و ناتوانرێ چارەسەر بکرێ بەو رێگاچارەی خۆی کە دژی دەگیرێتبەر. بێگومان بە سەرجەمی ئەو بکەرانەوە کە لە ئێستادا ئامادە و دەستبەکارن. هەم ئەو ئێستایە "ئێستایەکی تیۆرییە" واتە بۆ دیاردەی بەرخۆری و مەسرەفکردن لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، پێویستمان بەو تیۆرە ئابورییە هەیە بۆ دۆزینەوەی رێگا و

چارەسەرکردنی مەرهەمە ئابورییەکان بۆ درم و پەتاکانی مەسرەفگەرایی لە کوردستان.

واتە بەرخۆریزم وەک کێشەیەکی فیکری ئابوری و سیاسی و کەلتوری، کۆمەڵێک پرسیاری تیۆری و مەعریفی ئاڵۆزی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە کە هەندێکیان پێویستی بە کات و میتۆدی خۆی هەیە بۆئەوەی بەباشی لێیبکۆڵرێتەوە. دیاردەی بەرخۆریزم واتە مەسرەفگەرایەکی لەئەندازەبەدەر لە بەفیڕۆدان و بەکاربردندا، کە شتێکت لە کاڵا و خزمەتگوزاری نییە بەرهەمی بهێنی و هەر مەسرەف ئەکەیت، مەسرەف بووە بە ئاشکرا و لەوە دەرچووە کە شاراوە بێت. لە مێژووی ئێمەدا بەرخۆریزم بە شێوەیەک بووە بە ئەخلاقی سەرەکی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە و هەر مەسرەف دەکەن بێئەوەی بزانن کە شتێکیان نییە لە بەرهەم کە شوێنی مەسرەفی پێ پڕبکەنەوە. وە بەرخۆری لە کۆمەڵگای کوردستان بووە بە دیاردەیەکی حەشامات و جەماوەری بەرفراوان، لەوە کەوتووە ئاکاری ئەم تاک یان ئەو گروپی تایبەتی ناو کۆمەڵگا بێت بە تەنها، بەڵکو گشتگیر بووەتەوە. سەرجەم پرۆسەکانی گرتووەتەوە و هەناسەدانی بڕیوە لە سێکتەرە ئابورییەکان. واتە هەم چینەکانی خوارەوە و هەم چینی ناوەڕاست و هەم چینی ئەو نوخبە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەی بەشێوەیەکی ئەفسانەی لە ساڵانی رابردوودا دەوڵەمەند بووە هەموویان بەشێکن لەو شەپۆلی بەرخۆرییەی لە وڵاتەکەدا دروست بووە، ئەم بەرخۆرییە لە هەموو ئاڕاستەکاندا بوونی هەیە و کۆی گشتی پرۆسە سیاسی و ئابورییەکانی گرتۆتەوە.

دونیای ئێمە لە بەرخۆرییەوە ئاڵاون، ئاواش بەشە خوێنەوار و رۆشنبیرەکەی وڵات وەک چینە بەرخۆرەکە ئەوانیش بەرخۆرن. هەموو یەکە کۆمەڵایەتییەکان بەرخۆرن، خێزان، خێڵ، حیزب، مزگەوت، دەسگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو دەزگاکانی وڵات سەرتاپا بەرخۆرن و لە مەسرەفگەراییەکی رووتەوە ئاڵاون.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە: کە بەرخۆری وەک دیاردەیک خۆبەخۆ و سروشتی نییە، بەڵکو گەشەکردنێکی سروشتی و خۆڕسکی کۆمەڵگای ئێمە دروستی نەکردوە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک دیاردەیەکی سیاسییە و ستراتیژێکی تایبەتی کارکردنی دەسەڵات و مۆدێلێکی تایبەتی دەسەڵاتدرێتی دروستی کردوە و ئاڕاستەی ئەکات. لە ئەدەبیاتی زانستییدا ئەوەی لە پشتی ئەم سیستەمە بەرخۆرییەوە وەستاوە "ئابورییەکی رەیعی"یە کە لەسەر مەسرەف وەستاوە و کەرەستەی خاو، لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر فرۆشتنی نەوت، لە بازاڕەکانی جیهاندا و لەسەر خەرجکردنی پارەی ئەو نەوتە ئەژی لە ڕێگەی ئابوری رەیعییەوە دەستی دەکەوێت.

ئابوری رەیعی بەو جۆرە لە ئابوری ئەوترێ کە داهاتە ئابورییەکان لەڕێگەی بەرهەمێنانەوە بەدەست نایەت، بەڵکو لەڕێگەی بازرگانیکردن بەو کەرەستە خاوانەوە بەدەستدەهێنرێ لە وڵاتدا هەن. پارەی رەیع پارەیەکی ئاسانە و ئیشی زۆر و ماندوبوونێکی ئەوتۆی ناوێ کە بەدەستبهێنرێ. زیاتر ئاکامی دیاری و پاداشتی نەوتە کە وەک سەرچاوەیەکی مەسرەف و بەرخۆری وەریدەگرێ و هیچی نییە لە بەرامبەردا شوێنەکەی پێ پڕبکاتەوە.

کۆمەڵگای بەرخۆر ئەو کۆمەڵگایە کە پشت بە بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری ئەبەستێ نەک بەرهەمهێنان، واتە سەرمایەگوزاری و پاشەکەوتی نییە کە رووکنێکی گرنگە بۆ دەرچوون لە بازنەی بەرخۆریزم. وە بەرخۆری وەک پێدراوێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و... توانا و هێزی خۆی هەیە کە گروپ و دەستەجەمعی خۆی کە کەڕوی مەسرەف گرتویەتی بەسەر گروپ و تاقمی تردا بسەپێنێ کە هێستا نەکەوتوونەتە ناو ماتریکسی مەسرەفگەرایی هێزی بەرخۆریزیمی یەکەمەوە. بۆیە پێویستە تارماییە ترسناکە ئابورییەکانی بەرخۆری دەستنیشان بکەین و لێکەوتەکانی دیاری بکەین و میکانیزمی چارەسەر بدۆزینەوە بۆیان. وەک پرۆفیسۆر (د. هۆشیار معروف) باوەڕی وایە: لە دیاردەی بەرخۆریزم و مەسرەفگەراییدا، کە روو دەکاتە کۆمەڵگایەک و سەرجەم کەرتەکان دەگرێتەوە،

کاری لەپێشینە ئەوەیە کە دەستیشانی نەخۆشیەکە بکرێ و دواتر بە قۆناغ ڕێگاکانی چارەسەر بخرێتەروو و کار بکرێ بۆ وەبەرهێنان و ئەو لەشکرە بەرخۆرییەی دروستکراوە، کەمبکرێتەوە و هەلی دۆزینەوەی کارکردن لەڕێگەی ئابورییەوە بۆیان بدرێت.

یەکێکی تر لە  هۆکارەکانی دروستبوونی بەرخۆری لە هەرێمی کوردستان زیاتر قەیرانی بەڕێوەبردنە لە کاروباری ئیداری حکومڕانیدا، واتە دەزگا حکومییەکان کە بەرخۆری رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستبوون تێیدا، واتە  لە فەرمانگەیەکدا پێویستی بە (50) کارمەند هەبێ، ڕێژەکەی لەوە زیاترە و بگرە دووقات کراوەتەوە بەتایبەت لە سلکی سەربازییدا ئەو کەلتوری بەرخۆرییە گەشتوەتە ترۆپکی خۆی. کە ڕێژەیەکی زۆر مووچەخۆر هەیە بەڵام لە واقیعدا بوونیان نییە و تەنها ناوەکەیان بۆ وەرگرتنی مووچەکە هەیە. ئەمەش ئەو بەرخۆری و ئابورییە رەیعییە کە سەرچاوەکەی نەوتە و هۆکاری دروستبوونی بەلێشاوی ئەو هەموو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییە کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و بەئاسانی چارەسەر ناکرێت.

یەکێکی تر لەو کێشانەی کە بەرخۆری دروست ئەکات کە (مارکۆزە) لە کتێبی (مرۆڤی تاک رەهەند) باسی ئەکات و پێی وایە: "مەسرەفگەرایی ئینسانی تاک رەهەند لە ئاستی گشتییدا بێ پرسیار و مەسرەفکەر دروست ئەکات". وە هەموو شتێک لە مەسرەفکردندا دەبینێتەوە، واتە مەسرەفگەرای تەڵەیەکە کە بۆیاخکراوە و ئامادەکراوە بۆ کڕیاری مەسرەفکەر بێئەوەی بەخۆی بزانێت وەک بۆمبێکی تەوقیکراو دەبێتە میوانێکی ناوەخت بۆ کاراکتەری بەرخۆر.

خاڵێکی تری مەسرەفگەرای پەیوەندی بە چێژپەرستییەوە هەیە کەوادەکات ئینسانی بەرخۆر تەنها بیر لە کۆمەڵێک قازانج و دەسکەوتی ئابوری بکاتەوە، کە دواتر رۆڵی تێکدەرانەی دەبێ لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگا. وادەکات رووبەری گشتی

توشی شڵەژان و ناڕێکی ببێتەوە و بەئاسانی بۆ سەر باری ئاسایی خۆی نەگەڕێتەوە.

روویەکی تری مەسرەفگەرایی پەیوەندی بە ریکلام و دونیای نمایشەوە هەیە، کە من و تۆی کڕیار روو دەکەینە بازاڕ بۆ کڕینی کاڵایەک بەرخۆری من و تۆ وادەکات کە ئارەزووی تێرکردنی غەریزەی کڕینمان تەواو نەبێ و مەیلی کڕینی مەسرەفی زیاتر بکەین. ئەمەشە دەرئەنجامی رویەکی تری فریودەرانەی مەسرەفگەراییە لە دونیای ئەمڕۆدا کە لەڕێگەی کاڵاوە بۆ بەرخۆر و کڕیار خۆی نمای ئەکات. کوردستانیش بەدەر نییە لە پەتایە و بەشێکە لە ساغکردنەوەی بازاڕی ئەو مەسرەفگەرایەی کە روودەکاتە کوردستان.

بەرخۆریزم پایەیەکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ مانەوەی سیستەمی دیکتاتۆری و دەسەڵاتەکەیان. بەمانایەک هەتا بەرخۆری لەو سیستەمە ستەمکارییانەدا هەبێ، گەرەنتیە بۆ مانەوە و بەردەوامیدانی دیکتاتۆر لەسەر سوڵتەکەی بۆ ماوەیەکی تری درێژتر  لە حوکم  و ستەمکاری. واتە لەڕێگەی ئەو ئابوورییە رەیعییەوە کە سەرچاوەکەی نەوت و گازە دەتوانن تەمەنی خۆیان زیاتر درێژ بکەن ئەویش بە دامەزراندان و بەرتیلدان بەو لەشکرە مەسرەفکەرەی کە کۆشکەکەی دەپارێزن. وە بەشێک لەم سەربازانە لە (کایەی سێبەر)دا کار دەکەن و کۆنترۆڵی دەنگە نارازییەکان دەکەن و پارێزەری ئەو کەلتوری ستەمکاریی و مەسرەفگەراییەی کۆشکی دیکتاتۆرن.

مەسرەفگەرایی خولیا و مەیلێکە هەم چێژبەخش و هەم ئازاراوی ئەم سەردەمەیە، لە لایەن دەسەڵاتە سیاسی و ئابوری و... دروست دەکرێ بۆئەوەی ئینسان لە راکردنێکی بەردەوامدابێ بەدوایی کاڵا و خزمەتگوزاریدا، واتە عەقڵێکی ئامێری دروست کردوە بۆ ئینسان  کە دەستبەرداری خۆزگە و دونیای مەسرەفی نەبێت. بەرخۆریزم پەنا بۆ زۆر شت دەبات وەک وێنای خەیاڵکردنەوە لە مەسرەفگەرایی و ئەو چوارچێوە پڕ لە مەسرەفییەی  کە سازیکردوە، واتە مەسرەفگەرایی دونیای

مۆدێرن زۆر چڕ و ئاڵۆزە، پێویستی بە گۆشەنیگای زۆر ورد و دەقیق هەیە تاوەکو کەلێنەکانی مەسرەف لەڕووە ئابورییەکەیەوە بدۆزیتەوە و چارەسەریان بکەین بە بەرهەمهێنان و داهێنانی پێشکەتووی گەشەی ئابوری.

سۆبێکت لە نێوان ژیانی و ئەندێشەی  بەرخۆریی نێو کاڵایی دونیای ئەمڕۆ نقوم بووە، ئەو کاڵایە ژیانی داگیر ئەکات و کاتی خۆی لە پارە و شتی تری لەکیش ئەبات. بەمانایەکی تر کاڵا ژیان و بیرکردنەوەی داگیر دەکات، وەک سیستەمی کاپیتال تەنیا بە گوێرەی پێویستییەکان شتەکان ناگۆڕێ بۆ بەرهەم بەڵکو بەکارهێنانی بۆ بەرهەمەکان دەنێتەوە واتە کڕیاری بۆ کاڵاکان ئامادە ئەکات و ئینسان خۆی ئاوێزانی"تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئابوری مەسرەف" دەکات. بەمانایەکی تر مەسرەفگەرایی لە دونیای شاهانەی کاڵاکاندا دێوەزمەیەکە دیوە مۆدەکەی دەبینرێ، بەڵام پارادۆکسەکە ئەوەیە: "زبڵەکانی ناو مەسرەف و بەرخۆری خۆی نابینرێت".

لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە کەلتوری مەسرەفگەرایی لەڕووی ئابوری و سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، دیاردەیەکە کە ڕیشە و ریشاڵەکانی لە زۆربەی بوارەکاندا رەگی داکوتیوە و چارەسەری ئاسان نییە بەڵکو پێویستی بە توێژینەوە و دەرئەنجام هەیە تائەوەی دەگەین بە ئەندازەیەک لە چارەکردنی مەسرەف و کەمکردنەوەی بۆ ئاستێکی دڵخۆش و قەناعەپێکراو. مەسرەفگەرایی لە ئابوری کوردستاندا ئەوەندە فرەپەلوپۆیە کە رەگی لەنێو هەموو کایەکاندا هەیە ئەوەی بە پلەی یەکەم ترسناکە ئابورییە کە بەرخۆری و بەکارهێنان زاڵمانە تۆی خۆی تێهاویشتووە. ئەوەی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لەم دۆخە بەرخۆرییە حیزب و ئەو لەشکرە مەسرەفکەریە لە ئینسان کە حیزب چیان پێبڵێ: ئامادەن ئەنجامی بدەن. واتە ئیستیبدادی حیزبی کە سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەو  ئابورییە رەیعی کرێخۆریەیە کە خۆی لە نەوتدا دەبینێتەوە و تێکەڵ بە ئەجێندایەکی ترسناکی مەسرەفگەرایی بووەتەوە. بەمانایەکی تر بەر جۆرێک لە "شۆکی

مەسرەفگەرایی" دەکەوین کە ریشەی چەسپیوە. ئەوەی گرنگ و سەرەکییە بۆئەوەی ئابوری کوردستان لەژێر چنگ ئەو بەرخۆرییە دەربهێنین و رزگاری بکەین و مەسرەف بگۆڕدرێ بە بەرهەم و سەرمایەگوزاری، پێویستی بە هۆشیارییەکی دەستەجەمعی هەیە لە هەموو بوارەکاندا تاوەکو ڕێنمایی و چارەسەری پێویست بدۆزنەوە و بیخەنەڕوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان بەگشتی و بەتایبەت قەیرانی مەسرەفگەرایی.

**مەصرەف (بەرخۆریی) چییە؟**

بەرخۆریی چالاکی کڕین و بەکارهێنانی ئەو شتومەکانەیە کە ئینسان لە ژیانی رۆژانەییدا پێویستی پێیانە. شوێنی کڕینی ئەو شتومەکانەش بازاڕە، لێرەوە بەرخۆری و بازاڕ دەبنە دوانەیەکی لێکدانەبڕاو. لەهەر شوێنێکی دونیادا کە باسمان کرد لە بەرخۆریی باس لە بازاڕ دەکەین و کە باسیشمان کرد باس لە بەرخۆریی ئەکەین. هەموو مرۆڤێک بۆئەوەی بژی و بمێنێتەوە پێویستی بەوەیە رۆژانە بڕێک بەرخۆریی بکات. هاوکێشەکە لەڕووی ئابورییەوە زۆر سادەیە، ئەگەر کەسانێک نەبن نان لە نانەوایەک، یان میوە و سەوزە لە بەقاڵێک بکڕن، یان جلوبەرگ لە کۆگایەک، یان گۆڤارێک لە کتێبخانەیەک بکڕن، ئەوکات هیچ یەکێک لەو شوێنانە بوونیان نابێت و شتێکیش بەناوی ئابورییەوە دروست نابێت. بەم مانایە ئابوری بۆئەوەی وەک کایەکی تایبەت لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت بەرخۆریی دەبێ هەبێت. ئەوەی هەڵی تێگەیشتن و خوێندنەوەی مانا و دەرئەنجامەکانی ئاستی ئەم وتارە سادە و گشتییەی بەرخۆریی نییە، ئەو ئاستەی بەرخۆریی نییە راستەوخۆ گرێدراوە بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئینسانییەوە، واتە بەو ئاستەوە کە ئینسان پێویستی پێیەتی بۆ مانەوە و بەردەوامبوون. ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیەکە بە بەرخۆرییەوە وەک ئابوری و کەلتور یان وەک فیکریەکی

جەماوەری کە باس لە بەرخۆریی لەڕووە ئابورییەکەیەوە دەکەین زانستییانە هەڵسەنگاندی بۆ بکەین لێکەوتەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا دیاری بکەین. وە لەڕووی کەلتورییەوە دەتوانین وەک بەشێک لە ئایدۆلۆژیای مەسرەفگەرایی سەیری بکەین. کەوەک هێما بۆ ئارەزو و حەز و سیاسەتێک هەیە کە بەرخۆریی بەلاوە جوانە و هەوڵی زیاتر نەخشان و پیرۆزکردنی دەدات، وادەکات ببێت بە دیاردەیەکی جەماوەری واتە خەڵک هەموو مەسرەف بکەن و بەرهەمیان نەبێت. ئەمەش وادەکات بەرخۆریی لەم ئاستەدا ئاستە سادەکەی جیاببێتەوە و وە "بەها سەرەکی و باڵادەستەکانی کۆمەڵگا لە چالاکی بەرخۆرییەوە سەرچاوە بگرن".

لە سایەی بەرخۆرییدا، سێبەری مەسرەفگەرایی وەک تۆڕێکی سیستەماتیکی ئابوری بەناویەکداچووە و لێکئالاون. تەنیا بە سەیرکردن دەزانی لەناو ئەو ئوردوگا بەرخۆرییەدا کۆمەڵگا خەریکی چین و چۆن دەژین؟ ئەمەش بەشێکی تەپوتۆزی ئەو بەرخۆرییە لەڕێگەی شەپۆلی سیاسەتەوە هاتووەتە ناو کایەکانی ژیان رووبەری گشتییەوە. واتە ئەم بەرخۆرییە رووبەری گشتی بۆ خۆی داگیرکردوە، لەپێناو مانەوەشدا هەموو کارێک دەکات ئەڵبەت هێزی ئەم بەرخۆرییە ئەبێ دەوڵەت یان حیزب یان دەسەڵاتێکی ئابوری و سیاسی گەورەی لەپشتەوەبێ، ئەگینا هیچی پێناکرێت. وە مەسرەف شێوەیەکی جیوەئاسایی هەیە و خۆی شۆڕدەکاتەوە بۆ ناو پنتە بچوکەکان و دزەئەکاتە ناو پانتاییەکانی ژیانەوە، میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە، وە ئەم شێوازە لە شۆڕبوونەوەی بەرخۆری ئەگەر لە چەند شێوەیەکی تردا دەرنەکەوێت ئاساییە و بگرە لە جێگایەکی تردا جەبەروتی خۆی دەردەخات و سیستەمێکی گشتگیر و سەرتاپاگیر مەسرەفگەرایی دروست دەکات.

ئێستا بەرخۆری وەک جۆرێک لەبەرگرتنەوە و زڕەوێنەی لێهاتووە، هەندێکجار دژی حەقیقەتی خۆی دەوەستێتەوە و واقیعە مەجازییەکەی خۆی پێڕەوایە. لەم ئاستەدا بەرهەمهێنان وەک بەرخۆری و بەکارهێنانی بێشومارەوە،

پاشەکشە ئەکات. واتە بەرهەیش بەهۆی ئەوەی فەرامۆش دەکرێت بەهای ئاڵوگۆڕی دەگۆڕێ و بەرەو بەهای نیشانەی مەسرەف هەنگاو دەنێت.

(بۆدریار) وەک ئەستورە باسی مەسرەف و بەرخۆی دەکات. بەختەوەریش وەک چەمکێکی مەسرەفکار، ئەو ئوسترەیە کە کۆمەڵگای بەرخۆری لەڕێگەی پرسی پێداویستییەوە دەیوروژێنێت تا مەسرەفی زیاتر و زیاتر بکرێت، مەسرەفێک چیدی بۆ پڕکردنەوە نییە بەڵکو هەر کاڵایەک نیشانەیەکە و درزێکی رەمزی پڕدەکاتەوە. بەرخۆری بووە بە کۆپەیوەندییەک کە زمانی خۆی هەیە و فزوڵی خەڵک لەگەڵ یەکتردا دابەش ئەکات. بەرخۆری بووەتە سیستەمێکی نیشانەی کە دەلالەتی زۆرتر لەوەی لێبارکراوە کە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بێت. چیتر ئەوە کرێکاران نین کە بەرامبەر کاڵا بەرهەمهێنراوەکان تووشی نامۆیی دەبن بەڵکو ئەوە "پاڵەوانەکانی مەسرەف"ن و بریتیین لە هەموو خەڵک کە بەهۆی مەسرەفەوە توشی نامۆیی دەبن. لەم کەلتورە مەسرەفگەرادا، دەشێت بۆنەکانیش ببنەوە بە کاڵا. ئەمڕۆ بەرنامەیەکی خۆراک لەسەر تەلەفزیۆن، لە پێناوی خواردنەکەدا نییە بەڵکو لەبەر دیوە نیشانەناسیەکەیەتی کە مەسرکردنی زەوق و ستایلێکی تایبەتە. دانیشتن لە کۆڕی بەندبێژیدا، مەسەرەفکردنی بۆنەیە و کۆی بۆنەکە رۆڵی کاڵا- نیشانەیەکی بەرخۆریی دەگێڕێت. لەم کەلتورە بەرخۆرییەدا مرۆڤەکان شەکەتن بەڵام شەکەتی ماندویەتی دۆخێکی ناچالاک نییە بەڕوی ئەنجامدانی چالاکیەکی زۆرردا بەڵکو خۆی بریتییە لە نارەزایەتی لە دۆخی بەرخۆری خۆی.

کۆمەڵگای بەرخۆری خۆی رۆڵی پێشنگایەکی گەروە دەبینێ کە ئاوێنەکانی تیا کۆتایی هاتووە: بۆدریار پێی وایە: ئاوێنە توشی ئاوابوون هاتووە و جامخانە سەری دەرهێناوە. "لە نەزمی مۆدێرندا، چیتر ئاوێنە بوونی نییە کە تاک بە باش یان خراپ رووبەرووی وێنەکەی خۆی بێتەوە، ئەوەی هەیە چیتر جامخانە واتە ئەو شوێنە ئەندازەییەی مەسرەفکردن کە تاکەکەس چیتر بیری تیاناکاتەوە بەڵکو لە تەماشاکردنی جۆری شتەکان و نیشانەکان و بەرخۆری کاڵاکاندا و نەزمی پێگەی

داڵەکانی کۆمەڵایەتی و... دەتوێتەوە. ئەو چیتر بیرناکاتەوە، تێهەڵدەکشێت  و لە دۆخی بەرخۆریی ئابوری و سیاسی مەسرەفکردندا دەتوێتەوە.

**سۆبێکتی مەسرەفکار:**

گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندی سۆبێکتی مەسرەفکار لە کۆمەڵگای مەصرەفیدا، کەڵەکەکردن و زۆرروزەوەندی مەسرەفکردنە لە لایەن سۆبێکت خۆیەوە کە بێگوێدانە دەرئەنجامەکانی کە زەرەر لە ئابوری و گیرفانی خۆی دەدات بیر لەهیچی تر ناکاتەوە... بکەری مەسرەفی تەنیا بیری لای ئەوەیە کە مەسرەف بکات بێئەوەی بیربکاتەوە کە تۆ مەسرەف ئەکەی ئەبێ لە بەرامبەردا لە شوێنێکی ترەوە بەرهەم بهێنیت دەگینا ناتوانی تاسەر لە بەرخۆری مەسرەفکردن بەردەوام بیت. بکەری بەرخۆری داواکاری زۆرە و بیخەرە ئوقیانوسێک لە خواستی تر تێر ناخوات و هەردەم بیری لای ئەوەیە کە هیتری بۆ بێت. بێگوێدانە بەرپرسیارێتی ئاستی هۆشیاری خۆی کە لە دواجاردا سەری لە ئاوابونەوە نقوم ئەبێت.

واتە بوونی بەرخۆری لەو شوێنەدا لای سۆبێکتی مەسرەفکار بەجەستە دەبێ کە بەرخۆری تیایدا دەبێ بە سەرچاوەی شوناس ، دەبێ بە سەرچاوەی بەها باڵادەستەکان  و دەبێ بە بەشێک لە چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی سۆبێکتی مەسرەفی و ئوبژەکانی خۆی لە بەرخۆرییدا دەبینێتەوە و وایدادەنێ کە ئاوێنەی تێربوونی پێداویستیەکانی ئەوە. دەکرێ چەند قۆناغێک هەبێ کە سۆبێکتی بەرخۆر پەنای بۆ ئەبات و لە قۆناغی بەرخۆرییدا خۆی دەبینێتەوە، قۆناغی یەکەم قۆناغی "هەڵپەی بەرخۆریی"ە لای سۆبێکت، کە جۆرێک لە پەتای بەرخۆری بێ چاودێری بەرخۆری بێقەیدوشەرت و بێسنور دروست دەبێ کە سۆبێکت هەوڵ دەدات وەک تۆڕێ: خەڵکی تریش پەلکێشی ناو ئەو جیهانی بەرخۆرییەی خۆی بکات. جۆرێکی تری بەرخۆری لە ئاستی کۆدایە، کە بەشی زۆری کۆمەڵگا وەک سۆبێکتێکی گشتیگر بەشدارن لەو فەسادی بەرخۆرییەدا، کە لە ئەنجامی پڕ نەبوونی تەقەشوفدا دروست ئەبێت. تێرکردنی ئەم گروپە ترسناکترە و کاتی زۆری دەوێ بۆئەوەی

بزانیت داواکارییان چییه و چۆن قەناعەتیان پێبهێنیت. وەک ئەم بەرخۆرییە ئێستا کە بەهۆی ئابوورییەکی رەیعیەوە دروستبووە، سوژەیەکی زۆری کۆمەڵگا بەشدارە تێیدا و ژەمەکانی دەخوات.

**بەرخۆریی و پرسی نایەکسانی ئابوریی:**

بەرخۆریی و نایەکسانی ئابوری چ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەیە، ئایا بەرخۆری دەبێتە هۆکاری نایەکسانی ئابوری لە دابەشکردنەوەی سامان و عەدالەتی کۆمەڵایەتییدا. گومانی تێدانییە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا پرسی نایەکسانی هەبوو ئەوا بەرخۆری بەڕادەیەکی بەرچاو لە ناوچەیەدا بوونی هەیە و پاشاگەردانی ئابوری دروست کردوە و نایەکسانی هەیە لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی سامان و داهاتی ئەو ناوچەیەدا. وە مرۆڤ بە قوڵی لەیەک جیاوازە. سێن دەنوسێ:" لە توانا و کاراکتەر و بەهرەمەندیدا". بەڵام کۆمەڵگاکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە مەسەلەی یەکسانی و نایەکسانی و پرسی ئابوری و بەرخۆری وەک مژارێکی ئابوری گەرموگوڕ. زۆرێک لە هۆکارەکان بەرخۆریی بە فاکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی نایەکسانی ئابوری و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەتایبەت لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا کە هەموو سەرچاوەکانی داهات قۆرغ دەکەن و سیستەمێکی ستەمکاریی پۆلیسی بونیاد دەنێن بۆ خۆیان و هەرچی لە خۆیان نەبێ وەری ناگرن و ئەوەشی لەگەڵ بۆچونی ئەواندا نەبێ یان لە کونجی زیندان توند دەکرێ، یان مەرگ دوا مەنزڵێتی. وە ئەم سیستەمە ستەمکارانە بودجەیەکی خەیاڵی لە دەستە و تاقمی خۆیاندا سەرف ئەکەن و بەرخۆرییەکی زۆر هەیە لە سەرجەم کایەکانی ئەم جۆرە لە حکومڕانی کە هەناسەدانی ژیان تیایاندا ئەستەمە و هەموو شتێک بۆنی ستەمکاریی و بەرخۆریزمی حکومڕانی ئەوانی لێدێت.

بەرخۆری لە پەیوەندیدایە لەگەڵ گەندەڵی و ناشەفافیەتی ئابوری، چون پێیخۆشە کە شەفافیەت و یەکسانی نەبێ ئەگەر وابێ ئەوا ئەو کاتە سیستەمی بەرخۆر و کاراکتەری مەسەرەفکەر ناچار ئەبێ لەژێر یاسادا کۆڵ بدات و تەسلیمی واقیع

ببێت. چی دەرئەنجامێک  لە سزا چاوەڕێی دەکات دەبێ بینۆشێت. دەشێ سەرەتا نایەکسانی ڕۆڵی هەبێ لەوەی بەرخۆری گەندەڵی بەرهەم بهێنێ، پرسیارێک بکەین: چۆن گەندەڵی نایەکسانی بەرهەم ئەهێنێ، هاوشانی نایەکسانی بەرخۆریش دروست ئەکات ئەمەش ڕۆڵی حکومەت و دەسەلاتی سیاسی و ئابوری کەمدەکاتەوە لە پرۆسە ئابورییەکاندا. واتە گەندەڵی و بەرخۆریی کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کێ چی وەرئەگرێت؟ یان کێ چی پەیدا ئەکات؟ لە لایەک ئەم کاراکتەرە بەرخۆر و گەندەڵانە لە هەمان ئاستدا دەستیان دەگات بە پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکان و هەڵی بیرۆکراسەت و فەساد و گەندەڵاندن دەدەن و حەز ناکەن پرۆسەکە بەسەرکەوتویی ئیدارەی خۆی بکات.

**بەرخۆریی (مەسرەف) لە کوردستان:**

ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاگوزەریش بە کوردستاندا تێبپەڕێت دەزانێت گەورەترین چالاکییەک ئینسانی ئێمە ئەنجامی بدات بەرخۆرییە، بەرخۆرییەکی گەورە و بەرفراوان و هەمەجۆر، هەم لە شارە گەورەکانی کوردستاندا و هەم لە شارۆچکە و گوندەکانیشدا. لەڕاستی دوورناکەومەوە گەر بڵێم کۆمەڵگای ئێمە بووە بە یەکێک لە بەرخۆرترین کۆمەڵگاکانی ناوچەکە، کۆمەڵگایەک ئەوەی دەیخوات خۆی بەرهەمی ناهێنێت و ئەوەشی بەکاریدەهێنێت لە شوێنی ترەوە دەیهێنێت. بەهەموو مانایەکیش ئەم دۆخە دۆخێکی تازەیە، کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی مێژووی خۆی لەم دۆخی بەرخۆرییەی ئەمڕۆدا نەژیاوە، بەرخۆریی هەرگیز چالاکی سەرەکی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە نەبووە، بەشێکی بەرچاوی ئەوەشی ئەم کۆمەڵگایە بەکاریهێناوە خۆی بەرهەمهێنەری بووە. مۆدێلی بەرخۆریی ئەمڕۆکە شێوازی بەرخۆرییەکی نوێیە، جۆرێکی تازەی چالاکی و سەرقاڵییە کە پێشتر لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونیان نەبووە یان گەر هەبووبێ بەو ڕادەیەی ئەمڕۆ  نییە کە سەرتاپای

جەستەی کۆمەڵگای ئیفلیج و بێکار کردوە، واتە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی ئێمە لەگەڵ بەرخۆرییدا دەست و پەنجە نەرم بکات.

نووسەر " مەریوان وریا قانع" باوەڕی وایە: سێ هۆکاری سەرەکی لە پشتی ئەم " بەهاری بەرخۆریی"یە و پێی وایە لە پشتی ئەم راستیەوەیە کە بەرخۆریی لە دونیای ئێمەدا وەک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای لێهاتوو، بەو مانایەی لە بەرخۆرییەکی سادەوە گۆڕاوە بۆ بەرخۆریزم واتە گشتگیر بووە و ئاسەوارەکانی زۆری شوێنی گرتۆتەوە. بە باوەڕی ئەم نوسەرە، یەکەمیان پەرەسەندنی ئابوری نەوتە لە کوردستاندا تا ئەو شوێنەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بووە بە یەکێک لە چالاکییە ئابورییە دەگمەنەکانی دونیای ئێمە. دووەمیان دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەورەیە کە لە کوردستانی دوای راپەڕیندا هاتوونەتەوە و کایەکەیان داگیرکردوە و رووبەرێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بۆ ویست و حەز و توانای بەرخۆریی دروستکردوە. واتە بەرخۆری لە کوردستاندا ینکەیەکی مادی کۆمەڵایەتی و ئابوری تایبەتی لە پشتەوەیە کە وایکردوە "دیاردەی بەرخۆری" گەشە بکات و ببێت بە "بەرخۆریزم".

خاڵی سێیەم دروستبونی مۆدێلێکە لە دەسەڵات و حوکمڕانی کە دەیەوێ لەڕێگەی بەرخۆرییەوە رەوایەتی بە بوونی ئەو شێوازە لە دەسەڵاتدارێتی بدات کە لە دونیای دوای راپەڕیندا دروستبووە. ئەم گۆڕانانە بەیەریەکەوە وایکردوە نەکرێ بەرخۆری تەنها بۆ چالاکییەکی ئابوری، یان بۆ رەهەندە سیاسییەکانی کورت بکرێتەوە، بەڵکو بووە بە ستراتیژێکی تایبەتی دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە کەسایەتی، جۆرێکی نوێ لە ئینسان و کۆمەڵگا کە تیایدا ئابوری و گەشە و گۆڕانی دیمۆگرافی و داواکارە و مەیلەکانی مۆدیلێکی تایبەتی دەسەڵات بەشێوازێکی ئاڵۆز و فرەلایەن بەنایەکداچوون و لەگەڵ یەکتر تێکەڵبوون، واتە بەرخۆرییەکە تەنها یەکی هۆکاری نەگرتۆتەوە تەنها ئابوری یا کۆمەڵایەتی یا سیاسی و فەرهەنگی بێت، ئەوەی هەیە لە کوردستاندا جۆری بەرخۆریەکە هەمەلایەن و فرەپەلوپۆیە و سەرجەم رووبەرو و پانتایی کایە گشتییەکانی گرتۆتەوە، بەو مانایەی کە

هەموویان بەسەریەکەوە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەی لە بەرخۆریزم دروستبووە کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی پێویستی بە راڤە و تەئویلانی زۆر ورد هەیە بۆئەوەی ئاسەوارەکانی دیاری بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

لە کۆتاییدا هەموو ئەوانەی باسمان کرد وایکردوە بەرخۆری ببێت بە سیاسەتێکی "خودسازی" کە بە پلەی یەکەم خودێکی بەرخۆر بەمانا ئەفلاتۆنییەکەی بەرهەم بهێنێت، بەڵام هاوکات لەوەش بەدەرنییە کە لە ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابورییە تایبەتەیەکەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەری دروستبوونی تاکەکەسێکی بەرپرسیاریش بەتایبەتی مەیسەر بکات. واتە تاکێکی چاوکراوە و هەستیار و بیرتیژمان هەبێ کە بەرخۆریزم کاری تێنەکات و هەوڵ بدات کە کۆمەڵگا لە ئاسەوارە مەنفییەکانی ئاگادار بکاتەوە و تەقەلای زۆریش بدات ئەم ئامانجەی زۆرترین تاک و کایەی کوردستان بگرێتەوە بۆئەوەی لە بەرخۆریزم رزگاریان بکات، وایان لێبکات کە بەرخۆر نەبن و هۆکارێکی بەرهەمێنەر بن بۆ خۆیان و پاشان خەڵک و دەوروبەری کۆمەڵگا.

**جۆرەکانی بەرخۆریی لە کوردستان:**

بەرخۆریی لە کوردستاندا دۆخێکی فرەجۆر و فرەرەنگە، ئەمەش گرێدراوی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و توانی ئابوری و هێزی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەن کە لە وڵاتەکەدا ئامادەن. دەکرێت سێ ئاستی جیاوازی بەرخۆریی لە کوردستاندا لە یەکتری جیابەکەینەوە.

**1- بەرخۆریی چینی بۆرژواز و دەوڵەمەندەکان:**

جۆری یەکەمیان ئاستێکە لە بەرخۆری  کە بێدوودڵی دەکرێ بە ئاستی بەرخۆریی چینە بۆرجوازە هەرە دەوڵەمەندەکانی خۆرئاوا و شێخەکانی خەلیج و مافیا دەوڵەمەندەکانی روسیا و ئیتالیا بەراورد بکرێت. ئەمانە هەم لەناو کوردستان و هەم لە دەرەوەی کوردستاندا ئەو جۆرە لە کردەی بەرخۆری پیادە دەکەن کە

شوێن و جێی ئەوان لە ریزی هەرە سەرەوەی هەرەمی کۆمەڵایەتییدا نمایش ئەکات. بەرخۆری ئەمانە تەعبیرێکی راستەوخۆیە لە برِ و رادەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی رەمزی ئەوان. بەشێکی زۆری ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتدارانی وڵات و ئەندامانی ئەو بازنە بچوکەن کە نزیکیان لە دەسەڵاتدارانەوە کردونی بە ملیۆنێرە تازەکانی دونیای دوای راپەرین. ئەمانە ئەو کاڵا ئەورووپیە گرانبەهاکان بەرخۆر دەکەن، خانوبەرەی زەبەلاح و سەیرانگای گەورە دروست دەکەن و سەفەری گران بۆ دەرەوەی کوردستان و ئەنجام دەدەن و پارەی مۆڵ لە ئاهەنگەکانیاندا بەکاشی سەرف ئەکەن. ئەمانە ئەو ئۆتۆمبیلانە بەکاردەهێن کە کارخانە گرانەکانی دونیا دروستیان دەکەن و باکیشان بەوەنییە لەم پێناوەدا پارەیەکی ئەفسانەیی سەرف بکەن. ئەمانە هەم خۆیان هەم خێزان و کچ و کوڕ و دۆستەکانیان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکردنی جەستە بە کاملی دەچنە نەخۆشخانە پێشکەوتووەکانی دونیا و ئەو عەمەلیاتە ئەنجام دەدەن. هەندێک کەسایەتی دیاریکراوی ئەم گروپە تا ئەو شوێنە رۆشتوون کە فرِۆکەی تایبەتیان بۆ هاتوچۆی خۆیان و خێزان و دۆستەکانیان کرِیوە تائەوەی گەشتی پێبکەن. لەناو کوردستانیشدا منداڵانی ئەم خێزانانە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەخوێنن و شێوە ژیانێ: ئەژین کە جوورە لە شێوە ژیانی ئاساییزۆربەی هەرە زۆری منداڵانی کوردستانەوە.

## 2- بەرخۆریی چینی وردە بۆرژواز و دەوڵەمەندی هەڵتۆقیو:

جۆری دووەمی بەرخۆریی ئەو توێژەی ناو کۆمەڵگان کە بە راستەوخۆ و یان ناراستەوخۆ گرێدراوی چینی یەکەمن یان بەشێک لە سامان و پارەکانی چینی یەکەم کراوە بەناوی چینی دووەمەوە. یان چین و توێژی دووەم ئەو دەوڵەمەند و ساماندارانەن کە خزم و ناسیاوی توێژی یەکەمن ئەمەش پەیوەندی متمانە و باوەرِبوون لە لایەن چینی یەکەمەوە بە چینی دووەم زیاتر ئەکات، کە زۆربەی مۆڵەکانیان بکەن بەناویانەوە بۆئەوەی بڵێن: ئێمە هیچمان نییە و بەرخۆرن نیین... ئاستی بەرخۆری ئەم چینە پلەیەک لە خوار چینی یەکەمەوەیە، بەتایبەت کە

بەرخۆرییەکەیان روی لە کاڵا و نە هەرزان و نە گرانەکانی هاوردەی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەت ئەوەی لە بازاڕەکانی تورکیاوە دێتە کوردستان. ئاستی بەرخۆری ئەمانە چەندان پلە نزمترە لە هەمان بەرخۆری گروپی یەکەم. بڕێکی ئەم چینی ناوەندە هەمان خەون و خەیاڵی واقیعی بەرخۆری چینی یەکەمیان هەیە. بەڵام توانا و ئامرازی پیادەکردنی ئەو خەونیەیان نییە، هاوکات ژمارەیەکی گەورەی ئەم چینە سڵ لەوەناکەنەوە هەموو رێگایەک بۆ گەیشتن بەو ئاستی بەرخۆریەی گروپی یەکەم دەگرنەبەر. ئەگەرچی ژمارە و زانیاری ورد و دەقیق دەربارەی ئەم گروپە لە کوردستاندا لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە رەسمیەکان رێژەی ئەو خێزانانەی کە مانگانە توانایی خەرجکردنی دوو ملیۆن بۆ سەرەوەیان هەیە، (27%)ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان تێناپەڕێت. ئەمەش مانای ئەوەی ئەم هێزە لە باشترین دۆخدا لە چوارچێوەیەکی دانشتوانی کوردستان تێپەڕ ناکات، ئەگەر رێژەکە زۆر لەوە کەمتریش نەبێ، چونکە ئەو خێزانانەی دەتوانن مانگان دوو ملیۆن دینار زیاتر خەرج بکەن، مەرج نییە هەموویان هەمان ئاستی بەرخۆریان هەبێ، ئەمەش حەقیقەتێکە ئەبێ دانیپیدابنێین. چونکە دەشێ خێزانێک لە دوو کەس پێکهاتبێ بەڵام خێزانیککی تر لە هەشت کەس پێکهاتبێ، ئەمەش مانای ئەوەی توانایی بەرخۆریی خێزانی یەکەمیان زیاتر دەبێ لە خێزانی دووەم، چونکە بە ژمارە ئەمان کەمترن ئەتوانن بەو پارەو داهاتەی هەیان لە خێزانی دووەم بەرخۆریەکەیان باشتر و زیاتر بێ، ئەڵبەت ئەمە بۆخۆیان باشە ئەگینا لەڕووە ئابورییەکەیەوە مەسرەفە و لەگەڵ ئەخلاق و بنەما ئابورییەکاندا نایەتەوە.

**3- بەرخۆری چینی هەژار و پەراوێزنشینەکان:**

بەرخۆریی ئەم چینە بەرادەیەکی زۆر لە خوار دوو چینەکەی ترەوەیە لەمەڕ مەسرەفکردنەوە، چونکە ئەم چینە بەشی خۆیان بەرخۆرییان هەیە بەڵام بەهۆکاری ئەوەی بەشی ئەوە پارەیان نیە وەک چنی یەکەم بکەن. واتە ئەمان پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگان هەندێکیان ئاستی بژێویان زۆر لە خوار ژیانی

ئاساییەویە بگرە خێزانی واهەیە کە ناتوانێ خۆراکی ڕۆژانەی خۆی پەیدابکات. بەمانایەکی تر بەرخۆری لێرەدا بەنیسبەت ئەم گروپەوە، لە نزمترین ئاستیدایە بە بەراورد بە دوو چینەکەی دیکە. ئەم ژمارانە وێنەی ئەم ئاستە تایبەتەی بەرخۆریمان بۆ ڕووندەکەنەوە: لە سەدا حەوتی خێزانەکانی کوردستان خەرجی مانگانەیان لە (500) هەزار دیار ناتوانێ تێپەڕ بکات، واتە(25%) ی خێزانەکانی تر خەرجی مانگانەیان لەنێوان زیاد نیو ملیۆن و کەمتر لە ملیۆنێکە. لەدوای ئەمانیشەوە (41%)ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان کە خەرجی دەکەن مانگانەیان لە ملیۆنێک دینار کەمترە، بەڵام ناگاتە دوو ملیۆن. بە واتایەکی تر ڕێژەی (73%)ی خێزانەکانی کوردستان ئاستی بەرخۆرییان نزمە و ئەمەش زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمە دەستنیشان دەکات.

وەک دەبینین توانایی خەرجی ئەم چینە لەرووی بەرخۆریەوە نزمە و ئاستی بژێویان دیاریکراوە، لەناو ئەو هەڵئاوسان و بەرزبوونەوە و بەردەوامانەی نرخی شتومەک و گرانییەدا کە لە کوردستاندا هەیە، ئەم خێزان و تاکەکەسانە ناتوانن خەرجی و مەسرەفی زۆر بکەن. بەڵام هاوکات ئەم زۆرینە دەسکورت و کەمدەرامەتە "زۆرینەیەکی نابەرخۆر" نییە، ئەمانە شێوازێکی تایبەتی بەرخۆرییان هەیە برێکی گەورەی ئەو بازاڕە هەرزانەی لە وڵاتەکەدا هەیە کە جۆر و کواڵێتیەکەیان نزمە و باش نییە، ڕووی لە بەرخۆری ئەم کاڵایانە کردوە. ناوەندی سەرەکی لەم مەسرەفە تایبەتیەدا بریتییە لەو برە لە کاڵا هەرزانەکانی وڵاتی چین کە لە ڕێگای بازرگانیەوە هێنراوەنەتە کوردستانەوە. کاڵایەک نە مەرجەکانی تەندروستی و نە مەرجی ئابوری و نەمەرجی مانەوە، نە هیچ جۆرە مەرجێکی پۆزەتیڤی تریان تێدانییە، ئەوەی هەیانە تەنها هەرزانییە و بەس. لەراستییدا ئەم جۆرە کاڵا و خزمەتگوزاریە هەرزانە چینییانە سەرچاوەی چەندان بیماری و نەخۆشی ترسناکن و سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسبوونی بەرفراوانی ژینگەشن. لە ئێستادا جگە لە نەبوونی توانای ئابوری بۆ گواستنەوەی شێوازی بەرخۆری ئەم زۆرینەیە بۆ ئاستی یەکەم و دووەمی بەرخۆریی، هاوکات لانیکەمی هۆشیاری

ئابوری و تەندروستی بە مەترسییەکانی بەرخۆری خراپ و بەکارهێنانی ئەو کاڵا بێمەرجانە لەئارادا نییە کە بازرگانییەکی ناپرسیار و چاوچنۆکانەی پارەپەیداکردن چینی دەستڕۆیشتووی دەسەڵاتداران.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین کە نەبوونی هۆشیارییەکی رەخنەیی و هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەرفراوان جا لەسەر ئاستی تا و کۆ دژ بە بەرخۆرییە ناپرسیارانەی چینی دەسەڵاتدارانی بەرخۆریزم، هۆکاریی سەرەکییە بۆئەوەی دیاردەی مەسرافگەرای ئابوری لە کوردستاندا بەفراوانی تەشەنە بکات و ئاسۆیەکی رەخنەگرانە و بەرپرسیارانە ئەوەی چارەسەرکەر بێت نییە، بۆیە بەرخۆریزم بەشێوەیەکی تۆکمە و پتەو، زەبر و شۆکی ئابوری خۆی دەسەپێنێت.

**لێکەوتە ئابورییەکانی مەسرەفگەرایی لە کوردستان**

**لێکەوتەیی ئابوریی:**

یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو مەسەرافگەراییە ئابورییە نەبوونی دەستەیەکی خەمخۆر و دەسەڵاتداری شارەزا و لێهاتوو کە بتوانێ لە کاتی قەیرانە ئابورییەکاندا هەلەکان بەفیڕۆ نەدات و چارەسەر بۆ قەیرانە بدۆزێتەوە. بەتایبەت دیاردەی ئەو مەسرەفگەرایەی کە بەرۆکی کوردستانی گرتۆتەوە ئەو "یەکسانییەی ئابورییەی" گۆڕیوە بۆ " شڵەژانی پێوانی مەسرەفگەرایی ئابوری" کە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەن پشتبەستنە بە نەوت وەک سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی بودجەی وڵات، ئەمەش کێشەی گەورەی ئەو مەسرەفگەرایەیە، کە لە پەنای نەوتدا وە سەرچاوەیەکی ئابوری سوپایەک لە ئینسانی بەرخۆری دروستکردوە.

شادەماری بەرخۆری لە کوردستاندا ئابوری نەوتە بە پلەی یەکەم، فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی دونیادا و خەرجکردنی پارەکەی لەڕێگەی بەرخۆرییەوە ئەو پاشخانە ئابوریە سادەیەیە کە لە پشتی دیاردەی بەرخۆریزمەوەیە لە کوردستان. ئەمڕۆ

کۆمەڵگای ئێمە پشتی تەواوەتی بە پارەی ئابوری نەوت بەستووە و لە دەرەوەی ئەمە شتێکی ئەوتۆی نییە پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی ئەو چەند ملیۆن ئیسنانەی لە کوردستاندا ئەژین دابین بکات. وەک ئەو دۆخەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە بەهۆی ئابوری نەوتەوە، کە پارەی کارمەندانی پێ دابین ناکرێ، وا بۆ ماوەی سێ مانگ ئەچێ حقوقی فەرمانبەرانی مانگی (1ی ساڵی 2020)ی نەداوە. وە ئەو سیستەمە سیاسییەش کە لە پاڵ ئابوری نەوتدا دروست و باڵادەستکراوە سیستەمێکی رەیعییە کە خۆی لەسەر ئابوری نەوت بونیاد نراوە، کە ئابوری نەوت دابینکەری ئەو هەموو کرێخۆرییە کە ئابوری نەوت دروستیکردوە. کە حکومەت ئەیەوێ لەسەر شێوازی وێنەی دەوڵەتەکانی خەلیج ئەو گەشە ئابورییە بگوازێتەوە، کە ئەوان دروستیان کردوە، راستە ئەوان خۆشگوزەرانی ئابوری و بژێوییان تارادەیەکی باش فەراهەم کردوە بۆ خەڵک بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو ئابورییە رەیعییە کەبەهۆی نەوتەوەیە، ستەمکارییەکی درێژخایەن و خنکێنەری دروستکردوە، کە هەناسەدانی سیاسی و جیاوازی سیاسی بنربڕ کردوە کە دەکرێ بە "ستەمکاریی نەوت"ی ناوزەدی بکەین. وە ئەم ستەمکارییە نەوتیە هۆکارێکە سەرەکییە بۆ مانەوە و بەردەوامیدانی ئەو سیستەمە سوڵتانی شبهە فاشیستییەی دەوڵەتانی ناوچەکە و کوردستانیش بەشێکە لەو سیستەمە ستەمکارییەی کە ئابوری نەوت سەرچاوەکەیەتی... بگرە ئەم شێوازە لە دەوڵەتانی ئابوری نەوتی لە ناوچەکەدا هەرکامیان ئەگری سیستەم و دەسەڵاتی سیاسییان بە هەڵبژاردن یان گواستنەوەی ئاشتیانە و ئازادانە بۆ بەرامبەر چۆڵنەکردوە، بگرە هۆکارێک کە کودەتا یان خۆپیشاندان یان دەستی دەرەکی یان شۆڕشی جەماوەری لایبردون. ئەم دەسەڵاتە ستەمکارییە نەوتییەی وڵاتانی ناوچەکە حەزیان بە دیموکراسی و ئازادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نییە، ئەو ئیستیبدادیە نەوتییە لە کۆتاییدا لەناویبردون.

**ئابوری کرێخۆری: نەوت وەک بەشێک لە مەسرەفگەرایی:**

ئابوری کرێخۆری ئەو ئابوریەیە کە داهاتی وڵات و بەتایبەت داهاتی ئابوری کوردستان لە ڕێگەی فرۆشتنی یەکێک لە سامانە سروشتییەکانەوە دابین ئەکات، گەرچی ئابوری کرێخۆری جۆرە ئابورییە کە ریشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش سەرمایەداری مۆدێرن و لە ئاستی تاکەکەس و گروپی بچوکدا کارا بووە و مۆڵکانەیەک بەرامبەر بە زەوی و موڵکێک وەرگیراوە. کوردستانیش خاوەنی ئەم جۆرە ئابورییە و نەوت بەشێکی سەرەکی داهات فەراهەم ئەکات، لە ئابوری سیاسییدا قسە زۆر کراوە لەسەر ئەم جۆرە ئابورییە. یان لە ئابوری سیاسییدا جەخت لەسەر ماهیەتی دژە دیموکراسیەکانی ئەم ئابوریە کراوە، چونکە دەسەڵاتداران بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی بەرهەهێنان و باج و عەقڵانیەتی پرۆسە ئابورییەکاندا بڕوات، دەبنە خاوەنی ئابوری و داراییەکی زل و راستەوخۆ، لێرەوەش لە خەڵک بێمنەت دەبن و سەرمایەکی زۆر کەڵەکە ئەکەن و خەڵک دەکڕن و پاشان چەک و تەنانەت پشتیوانی ئەمنیش بۆ خۆیان دەکڕن... بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە و بۆ ماهیەتی توێژینەوەکەی ئێمە بایەخی هەیە، ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لەسەر لێکەوتە ئابوریەکانی ئەم جۆرە لە ئابوری کرێخۆری و ئابوری نەوت، بەهۆی ئەو پارە و مۆڵ و خێرایەی کە دێتە گیرفانی حیزبە ستەمکارەکانی کوردستانەوە، کە حیزب دروستی کردوە. بازنەی ئەم کرێخۆری نەوتە کە "ستەمکاریی نەوت، ستەمکاری حیزبی" دروستکردوە... کە ئەوەی لەگەڵیاندا نەبێ بە دژە دیموکراسی و دژە بە وڵات ناودەهێنرێت.

بەمانایەکی تر، ئابوری کرێخۆری نمایشی شێوازێکی ترە لە ستەمکاری بەرخۆرییانەی دەسەڵات بەچەندین جۆر خۆی دەخاتەڕوو، لە ڕوویەکەوە ئەم ئابورییە کرێخۆرییە بۆ ختوکەدانی هەستی عەوامپەسەندانی زۆرینەی جەماوەرە بۆئەوەی کە دەوڵەتیان بۆ دروست ئەکات، ئەم نەغمەیە لە کوردستان ماوەیەک بانگەشەی گەرمبوو، لە ماوەیەدا پارەیەکی زۆر بەناوی بانگەشی هەڵبژاردنەوە وەک کەمپین بۆ ئەم پرۆسەی دەوڵەتسازییە سەرف دەکرا، کە هیچ ئەنجامێکی

نەبوو جگە لە کارەسات و ماڵوێرانی ئابوری، کە مەسرەفگەراییەکی نوێی ئابوری بوو بۆ بانگەشەکردن.

**ئابوری نەوت یان ئابوریی تالانی/ چەتەیی:**

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بیرکردنەوە و ئاوڕدانەوەیەکی رادیکاڵ و ریشەیانە بێ لەسەر دیاردەی بەتالانبردنی نەوتی کوردستان بەناوی ئابوریی سەربەخۆییەوە، کە ئەمەش هیچ بنەمایەکی قانونی و پشتڕاستکردنەوەی لەسەر نییە، واتە هیچ پشتیوانێکی دەولی و ناوچەی و ناوخۆیی نەبوو، واتە ئابوری نەوتی هەرێم رۆڵی پارێزەر بۆ خەڵکەکەی دەبێنێ یان ئابورییە لە خزمەت ئەجێندایی دەرەکییدایە بەتایبەت بۆ وڵاتی تورکیا، گومانی تێدانییە کە وەک وەکالەت زیندوکەرەوەی ئابوری تورکیا بوو، نەوتی هەرێم، کە دەکرێ بە "ئابوری بەوەکالەت بۆ تورکیا" نەوتی هەرێم ناوزەد بکەین. کە گرێبەستێکی پەنجا ساڵی لەسەر وزەی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی نەوت لەگەڵ تورکیادا کراوە، نەوتی هەرێم بۆ تورکیا وزەپێدەری ئابورییەکەی بەهێز بوو کە دووبارە دژی کورستان خۆی بەکاربهێنرێتەوە بەتایبەت ئەمیان رەهەندێکی سیاسی هەبوو لە پەیوەست دژ بە کوردستانی سوریا... لەبارەی پەیوەندی نەوت بە تالانییەوە دەگرێینەوە بۆ بۆچونەکانی دکتۆر (مهرداد وهابی) ئوستادی زانکۆی سۆربۆنی شیمالی، ئەو دکتۆرە باوەڕی وایە کە ئەو دەوڵەتانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و پێشکەوتوو نین بەڵام برێکی زۆر لە سەرچاوەی وزەیان لە نەوت و گاز و... هەیە ئەو دەسەڵاتداریەتییەی هەیە ئازاد نییە بەڵکو نەوت و گازەکە بووە بە سەرچاوەی ستەمکارییەکی تازە و دەرکەوتوو کە دەکرێ بە ستەمکاری بەتالانبردنی نەوت ناوی بەرین. کە مهرداد وەهابی بە دەوڵەتانی وێرانکار ناویان دەیهێنێ و نەوت فاکتەرێکی بەهێز و بەردەوامیدەرە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ستەمکارییان.

له لایەکی ترەوە ئەگەڕێینەوە بۆ راکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەتایبەت (ئادۆرنۆ و مارکۆزە و هۆرکهایمەر) لە پەیوەندی بە بەرخۆریزمەوە بەگشتی و بەتایبەتی ئێمە لە کوردستاندا بەرخۆریزم بە پلەیەکی گشتگیر و سەرەکی ئابوری نەوتە کە خۆی لە کرێخۆرییدا پێناسە ئەکات، کە ئەو مەسرەفگەراییە پەرەبسێنێت و ببێ بە کەلتور واتە کەلتوری بەرخۆریزم. یان ئەو ئابورییەی کە هەیە لە نەوتەوە سەرچاوە ئەگرێ بە قەولی (جۆرج لوکاچ) نەوت وەک کالآیەک بەهاکەی کە سەودای پێوەئەکرێ بۆ بەرهەمهێنان نییە بەڵکو بۆ بەکارهێنان و مەسرەفکردنە، بەمانایەکی تر نەوت لە کوردستان بەهایەکی مەسرەفی چینێکی تایبەتی هەیە وەک لەوەی بەهای بەکارهێنانی هەبێ بۆ بەرژەوەندی گشتی... وە بەگەڕانەوە بۆ رەخنەی فرانکفۆرتییەکان بەگشتی رەخنەیە لە بەرخۆریزم کە گەشەکردنی دونیای مۆدێرن لەوەی خەڵک ئازاد بکات، دیلی کردوە لەنێو قەفەسێکی ئاسنینی بەرخۆریزمدا کە وەک ئایکۆنی بەرخۆریی لە چەشنی کالآ نمایشییان ئەکات. ئەڵبەت لە کوردستانیش بەرخۆریزم چەندەها ئایکۆنی فوتێکراوی پارەی ئابوری بەتاڵانبراوی نەوتی گەورە کردوە، کە شاهانە لەسەر ئەو پارەی نەوتە یاری دەکەن و بەمانایەکی تر مەسرەفگەرای ئابوری نەوت لە کوردستان لە پلەی کاملی کولآنی خۆیدایە و دەرەچەیەک یان ئاسۆیەکی خۆشبەخت بەدیناکرێ کە ئابورییەکەی چارەسەر بکات کە ژیانی دانشتوانی هەرێمی کوردستان لەسەر بەندە و ئەوە نەبێ، ئەبێ چاوەڕێی دەرئەنجامی ترسناک و وێرانکەری تری ئابوری بەتاڵانبراوی نەوت بۆ جەماوەری کوردستان بکەین.

**چارەسەری قەیرانی مەسرەفگەرایی:**

بۆئەوەی چارەسەری بەرخۆری بکەین وەک دیاردەیەکی ترسناکی ئابوریی و کۆمەلآیەتی کە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردیی گرتووە، ئەبێ حکومەت وەک بکەری سەرەکی سەرجەم دەسەلآتە ئیدرای و سیاسی و ئابورییەکانی بەدەستەوەیە،

چاوبخشێنێتەوە بەسەرجەم کەرتەکاندا و بیرلەوەبکاتەوە دەرئەنجامی ئەو قەیرانی بەرخۆرییە چارەسەر بکات، یان هیچ نەبێ لانی کەم کەمیبکاتەوە. ئەویش بەهەماهەنگیکردن لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی و کەسانی پسپۆڕ و شارەزایی و ئابوری و شارەزای بوارەکانی تر، بەوەی وەبەرهێنانی ناوخۆی زیاد بکات و مەسرەفکردن کەمبکرێتەوە، وە چاوخشانەوە بە کەرتەکانی ئابوری وەک نەوت وگاز، کشتوکاڵ، گەشتیاری و پیشەسازی، سیستەمی بانک و وەبەرهێناندا، بۆ رێکخستنەوەیان و دیاریکردنی رێرەوی کارکردنیان و شەفافکردنەوەیان بەشێوەیەکی چالاک.

سیستەمی وەبەرهێنان چاک بکرێتەوە پێویستە مەسرەفکردن وەک پەتایەکی ئابوری هەوڵی بنبڕکردن یان سستکردنی بدرێ، بەمانایەکی تر، نەک بەو مانایەی کە مەسەرفکردن بنبڕ بکرێ، بەڵکو کارێکی ئابوری وەها بکرێ، کە بەرخۆری کەمبکرێتەوە چونکە بەیەکجاری لەناونابرێت. لەبەرئەوەی مەسەرەفکردن کە کالایە نمایشی خۆی نمایش ئەکات زیدەڕەوییەکی لەئەندازەبەدەر بۆ بەرخۆری کالاکانی ئەکات وادەکات کە ئینسان دیلی ناو تەڵەی فریودەرانەی دارایی مەسرەفکردن ببێت.

پێویستە چاوێکی جدی لە پەیوەندی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتییدا بخشێنرێتەوە، پەیوەندییەک کە هاوبەشی لە کارکردن و هاوبەشی ئابورییدا هەبێ. لەسەر بنەمای سەربەخۆکردنی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی مەسرەفکردنی ئابوری، واتە سیستەمی دارایی و ئابوری کوردستان سەرلەنوێ رێکبخرێتەوە. وە ئابوری بۆ سەرجەم ئینسانەکانی کوردستان بێت، وە ئاڕاستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو پرۆژە ئابورییەکان و بۆ پاراستن و دورکەوتنەوە لە بەرخۆری و زێدەڕەویکردنی مەسرەفکردن. وە دورخستنەوەی هەموو شێوەکانی قۆرغکاری مەسرەفکردن چ لە لایەن کۆ و تاکەوە بێ کە ئامانجیان بەرخۆرییە، رێگەیان لێبگرین و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرین. وەهێنانە کایەی پەیوەندی گرێبەستێکی هاوبەشی وەبەرهێنانی ئابوری و ئەخلاقی کۆمەلایەتی کە زەمینەی هاوبەشی وەبەرهێنان

فەراهەم بکات، تا چارەسەری بەرخۆری بکەین، لە کۆتاییدا دیاردەی بەرخۆریزم لە کوردستاندا کەمبکرێتەوە و ڕێگری لێبکرێ، تاکە چارەسەر هەوڵێکی گشتیگرییانەیە لەپێناو هێنانە کایەکی هاوبەش ئابوری کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ گشت ئینسانەکان لەبەرچاو بگرێ و غەمی گشتی و بەرژەوەندی کولی ئابوری و کۆمەڵایەتی پێش هەر شتێک بێ بۆ ئینسانەکان، ئەوا بەوشێوەیە مەسرەفکردن تارادەیەک بنبڕ دەکرێت.

**دەرئەنجام:**

بوونی بەرخۆریی و مەسرەفگەرایی گەیشتن بە قۆناغێکی بنبەست و مەترسیدار، واتە ببێ بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆژانەی دەسەڵات و جەماوەر لەوە ئەکەوێ بتوانرێ چارەسەر بکرێت. دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ شێوازێکی نوێی "خودسازی" لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دروستبووندایە، خودسازییەک بە پلەی دەست و پەنجەکانی دەسەڵات لە ڕێگای بەرخۆرەییەوە ئاڕاستەی ئەکات، بەڵام بێگومان ناتوانێت هەموو دەرئەنجامەکانی کۆنترۆڵ بکات.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم خودە بەرخۆرە یەکێکە لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی ئەو مۆدێلەی لە دەسەڵات کە ئەمڕۆ باڵادەستە و زۆر ئەستەمە چارەسەر بکرێت کە سەرچاوەکەی مەسرەفگەراییە. دروستکردنی ئەم خودەش بەشێکە لە ستراتیژی بەگژاچوونەوەی ئەو قەیرانە قوڵانەی کە ڕووبەرووی هاوڵاتی و کۆمەڵگا بووەتەوە کە دەسەڵات و حیزب سەرچاوەکەیەتی... بەرپرسە حیزبییەکانی شاخ و دوێنێ، ئەمڕۆ سەرمایەدار و دەوڵەمەندە بەرخۆرەکانی ئەمڕۆن، ئەوانەی لە دوای ساڵی (1991)ەوە هیچ شتێکیان نەبوو لە ئابوری و مۆڵک بەڵام ئەمڕۆ ملیاردێرن و سەرمایەداری پلەیەکی گەورەن.

مەسەرەفگەرایی وەک پێشتر وتمان وەک دیاردەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە لە کوردستاندا پەرەیسەندوە، گروپێک لە هاوڵاتی لەپڕ و بێهۆ کە حیزب کردونی بە سەرمایەداری بەهێز و خاوەن پرۆژە، لە لایەکی ترەوە زۆرینەیەکی بێشومار لە

داهاتی هەیە کە ژیانیان مامناوەند یان لەخوار هەژارییەوەیە، کە پەراوێزنشین و کراون و بگرە ژەمەخواردنی رۆژانەیان دەستناکەوێت، کە سەرچاوەکەی ناعەدالەتییەکی ئابوری و کۆمەڵایەتییە کە حیزب دروستکەرێتی و لەڕێگەی پارەی ئابوری نەوتەوە، ستەمکارییەکی بێئەندازە و ناعەدالەتی دروستکردوە. بۆئەوەی لە رووە دزێو و کوشندەکانی بەرخۆریی تێبگەین: ئەبێ بەدوایی پنتە شاراوەکانی بەرخۆریزمدا بڕۆین و بیدۆزینەوە، وە ئەو کۆمەڵگا و تاکەکەسە فوتێکراو و هەڵخەتێنراوەی بەناوی خۆشبەختی بەرخۆرییەوە دروستکراوە دەرزییەکی پێدابکەین و بیتەقێنین. لە بەرامبەردا تاک و کۆمەڵگایەک دروست بکەین کە خاوەنی خۆی بێ، ئەمەش هەوڵ و کات و وزەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئینسانی خەمخۆری ئەوێ بۆئەوی بەهاوکاری هۆشیارییەکی دەستەجەمعی رەخنەگرانە بەر بە لێکەوتەکانی مەسرەفگەرایی بگرین وکۆمەڵگا و تاک لە ئاسەوارە خراپەکانی ئاگادار بکەینەوە و پێیان بڵێین: کە مەسرەف وەک کاڵا نمایشت ئەکات ئەی مرۆڤ ئاگاداری خۆتبە، ئەگینا مرۆڤبوونت ئەکەوێتە ژێر مەترسی و پرسیارەوە، بۆیە بیربکەرەوە (سوقرات) گوتەنی: "خۆت بناسە" و خاوەنی خۆتبە بۆ بڕیاردان و بیرکردنەوەی لە بەرژەوەندی خۆت و کۆمەڵگا.

---

**سەرچاوەکان:**


1- کتێب:

1- جامعە مصرفی، ژان بودریار، ت: پیروز ایزدی، تهران، 1389.

2- انسان تک ساحتی، هربرت مارکوزە، ت: محسن مویدی، تهران، 1350.

3- دیالەکتیکی رۆشنگەری، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆکهایمەر، ت/ هاژینی مەلامین، سلێمانی،

4- مێژوو و وشیاری چینایەتی، جۆرج لوکاچ، و/ هادی محمدی، سلێمانی، 2006.

5- کۆمەڵگا و غەریبەکانی، مەریوان وریا قانع، سلێمانی، 2018.

6- دوا خەندەی دیکتاتۆر، بەختیار علی، سلێمانی،2020.

7- چۆنە تا ئێستا هەموو شت ئاوانەبووە؟، ژان بودریار، و- وەلید عومەر، سلێمانی، 2019.

8- تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەک؟، د. سەردار عزیز، سلێمانی،2015.

9- لە چ ئێستایەکدا دەژین؟، مەریوان وریا قانع، سلێمانی، 2012.

10- گۆڤاری کۆنسێپت، کۆمەڵێک نوسەر، وتاری پرسی نایەکسانی ئابوری لە هەردوو تیۆری سەرمایەی مرۆیی و تواناداریی مرۆییدا، نیاز نجمدین، سلێمانی، 2013.

2- وتار:

1- ئابوری کرێخۆری کەلتوری کوردی، ن/ وەلید عومەر، 2018.

2- ژینگە، مەسەرفگەرایی و...، ن/ کەڤین هاریمەن و کەڤین نانس، و/ هێمن خالید، 2017.

3- کالا و مەسرەف، ن/ هاوار محمد، 2013.

4- لەعنەتی سامانی سروشتی: نەوت و گاز بەنمونە، ن/ دانا حمید، 2020.

5- قەیرانی بەرێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەگەڵ: پرۆفیسۆر: د. وشیار معروف، 2019.